www.kurdistannet.org

*به ناوي خواي بەخشندەو میهرەبان*

# بەياننامەي ليژنەي سەرپەرشتكاري لە لايەن بارام وەلەبەگي يەوە

« سـ ﻼوي فەرهەنگ و زانست و قەڵەمتان ليبێت »

به ناوي خۆم و نووسينگەي يەكەمين كۆنگرەي زانستي – فێركـاريي زمـاني كـوردي لـه ئـێراندا بـه خێرهـاتني گەرمي هەموولايەكتان دەكەم. زۆر سوپاس بۆ به پیرەوه هاتنتان. پێزانيني تايبەتيش بۆ ئەو میوانـه دڵسـۆزانەي له كوردستاني ئازادەوه به پيرمانەوه هاتوون، هەموولايەكتان بەخێربێن سەرچاومان.

بەرێزان وەك ئاگادارن. زمان چ له لايەني ديـالۆگي خۆيـەوه كـه هـۆي سـەرەكي گفتوگـۆ و لێـك گەيشـتن و پێكەوە گونجاني مرۆڤ و بناخەي شارستانيەتي فيكري و مەعريفەتي خودي ئينسانه، له هەمانكاتيشـدا وەكـوو گەورەترين فاكتۆري شوناسي تايبەتي هەر نەتەوەيەكه، و هيچ نەتەوەيەك به بـێ زمـانێكي تايبـەتو هاوبـەش وێنا ناكرێت، هەروەهاش پێشكەوتني نەتەوەو پەرەسەندني خودي زمـاني نەتـەوه لـه پێوەندييـەكي پتـەودان، زمان وەكوو بەرهەمهێنەري يەكگرتوي نێوان نەتـەوه و هـەرگرووپێكي ئـەتنيش، بـۆ نەسـڕانەوەي هـەر كەمینـەو هەڵگرتني هەر يادەوەرييەكي كۆن و نوێي نەتەوه و گەلێك، گەورەترين فاكتەرو پێداويستييه.

توانايي بۆ دروست كردني گوتاري تايبەتي نەتەوەيي مەعريفي گرێدراوي دۆزينەوەي رەهـەندە شاردراوەكان و ئاشكراكردني پوتانسيەله ناديارەكاني هەناوي خودي زمانه، كەواته بـۆ بەرجەسـته بوونـەوه وەكـوو نەتـەوەو و شوناس و جيهانبيني تايبەت بەرانبەر جيهان پێويست وناچارين له بەرانبەر زماندا، زمان وەكوو تاقـه چـارەي بەرجەسته كردنەوەي خود بەرجەسته بكەينەوه.

مێژووي كورد به درێژەي تەمەني خۆي له سەرنج و گرنگيدان به زماني كوردي بێبەري نەبووه و هەر كاتێك كه دەرفەتێك هەڵكەوتبيو دەسەلاتێكي كوردي ساز بووبێ يان بووژابێتەوە يەكەم فاكتەري سەرەكي زمان بـووه كـه كەوتۆته گەڕو بەرجەسـتەبووەتەوه. هـەر لـه بزووتنـەوه ئايينيـەكاني وەكـوو ئـەزدايي و كاكەييـەوه تـا هەوڵـه سياسيەكاني میرنشینەكاني بۆتان و ئەردەلان و بابان له پاراسـتني شـێوه زارييـەكاني كرمـانجي ژوروو خـواروو

www.kurdistannet.org


گۆرانيدا، كەزمان وەك زماني ئيدارەكردن و سياسەت بە كار بێنن، هەر وەها ئەو ئەرشيڤە ئەدەبييەي كە لە سەر دەستي زاناياني وەك حەزرەتي خاني و جزيري و نالي و سالم و كوردي وحاجي قادر و ميقداد بەدرخان بەرهەمهاتوونو بەيازەكاني مەحووي و نوێكارييەكاني گۆران و قانع و هەژارو هێمن و زەبيحي تا چيرۆك و رومانن‌ووساني كورد هەر لە كۆنەوە پاراستني كياني كوردي و زماني كوردي هاوكات و هاوشان پێكەوە گرنگييان پێدراوە،

ئەمانەو ئەو هەوڵە پيرۆزانەش كە دەكرێ لەم خالانەي خوارەوەدا ئاماژەيان پێبكەين:

1ـ گرنگيدان بە قامووس نووسيي زماني كوردي هەر لە نەوبەهاري حەزرەتي خانييەوە تا هەوڵەكاني شێخ مارف نۆدەيي و شێخ زيائەدين، تا تۆفيقي وەهبي و فەرهەنگي خاڵ و گيوي موكرياني و جگەر خوێن و تا زەبيحي و هەژارو چەندان هەولي ئاكادميانەي ديكەش كە ئەرشيڤێكي دەوڵەمەنديان بۆ فەرهەنگ و زماني كوردي پێك هێناوە.

2ـ هەوڵ و ماندووبونەكاني ئەو پسپۆڕ و شارەزايانەي كە پرۆژەي خوێندني كوردييان بەرهەمهێناو لووتكەي ئەم هەولانە، هەوڵەكاني كۆڕي زانياري كوردە لە بەغدا كە جگە لە مامۆستاياني كوردستاني باشوور، مامۆستا هەژار و هێمنيشي گرتە خۆ.

3ـ هەولي بەرفراواني بلاوكراوە و سەنتەرو ئەكاديمي و ئەنستيتۆ كوردييەكان لە رۆژهەلات و باشوور و ئەرووپا و ئەمريكا و چەندان شوێني ديكەي جيهان كە جێي بايەخ وسرنجێكي فراوانە.

بەشداراني ئازيز:

لە گەڵ هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللا و چالاكيانەدا كە ئاماژەمان پێكردن كە چي هێشتا هەموو كێشەكاني زمان و ڕێنووسي يەكگرتووي ستانداردي كوردي چارەسەر نەكراوە و زۆر جار نيشانەي سەليقەي تاكەكەسي و ناوچەيي و حيزبي بۆ گەييشتن بە هەموو مەبەستەكە، بوونەتە كۆسپ، بەتايبەتي نەبووني ياسايەكي زمانەواني لەم بەشەي كوردستانداو نەبووني دراسەتو خوێندني كوردي لە قۆناغي پەروەردەييدا.

بەستني ئەم كۆنفرانسە هەوڵيكە بۆ چارەسەركردني هەندێ لەو كێشانە بە يارمەتيي ئێوە، دياريشە دارشتني ميكانيزمي پێشكەوتوو بۆ داهاتوو دەكەوێتە سەرشاني ئێوە نووسەران و زمانەواناني هێژا و ئازيز، بۆيە داواتان لێ دەكەين لەم چەن خاڵەي خوارەوەدا كە وەكوو ئيستراتيژيي و بەرنامەي سەرەكي كۆنفرانسەكەمان

www.kurdistannet.org


دادەرێژرێت یارمەتیمان بدەن کە بتوانین لە ئامانج و ئارەزووە مێژووییەکانمان زێدەتر نێزیك ببینەوە و پارێزەرو و درێژە پێدەری هەوڵە مێژووییەکانیشمان بین.

1ـ هەڵبژاردنی لێژنەیەکی زانستی و شارەزا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە پرۆسەی زمانی کوردی بە هاوکاری هەموو دڵسۆزانی زمانی کوردی ئیدارە بکات و شتێك دەبێت وەکوو کۆڕی زانیاری لە باشووری کوردستان و هەروەها تایبەت دانی گۆڤارێکی مانگانە، وەرزانە و...... هتد. بۆ بلاوکردنەوەی دواهەواڵ و دوا توێژینەوەکانی ئەم لێژنەیە کە ئەنستیتۆ کوردستان ئامادەیە دواتر هەموو هاوکارییەك لە گەڵ ئەم لێژنەدا بکات.

2ـ بایەخ دان بە زاراوەکانی ئیلامی، کرماشانی و هەورامی و سنەیی و خوراسانی و کرمانجی ژوورو بۆ کردنەوەی گیانی تازە بە بەر زمانی ستاندارددا، و دەوڵەمەندکردنی زمانی ستاندارد بە یارمەتی زاراوە، وشە و دەستە واژە و پێکهاتەی ئەو زاراوانە.

3ـ ساخ بوونەوە لە سەر بەرنامەڕێژیەکی زانستی بو فێرکردنی زمانی ستانداردی کوردی و چاپی کتێب بە پێی بەرنامەیەکی ئامووزشی بۆ خوێندن و فێرکردنی زمانی کوردی لانی کەم بۆ پینچ ساڵی سەرەتایی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی.

4ـ ئامادە کردنی گەلالەیەکی زانستی بە پێی مادەی 15ی یاسای بنەرەتی ئێران بۆ لێژنەی بالا یان (شەورای عالی فەرهەنگی) سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردی بو ئەوەی فراکسیۆنی نۆینەرانی کورد لە مەجلیسی شەورای ئیسلامی بتوانن بە ئەنجامی بگەیەنن.

5ـ بەرنامەڕێژی بۆ ئەو جۆرە خوێندن و فێرکردنەی براو خوشکە دڵسوزەکانمان لە ئەنجومەنە ئەدەبیەکانی کوردستانا لە ئەستۆیان گرتووە. ئەو ناوەندە سەربەخۆیانە کە هەوڵ و تێکوشانیان بۆ زمانی کوردی جیگای سەرنج و بایەخە.

دیسانەوە بەخێرهاتنتان دەکەمو ئاواتە خوازم لەم ڕێگەدا هەموومان پێکەوە بتوانین ئەرکی خۆمان بەرانبەر بە زمان و ئینسانی کوردی بە جێ بێنین.

هەر شەکاوە بێت ئالای فەرهەنگی کورد

بە سپاسەوە